کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 23-8-2007 1:09

## گوڵاڵە... ئەو کچەی لەپەنای خۆشەویستییەوە بەدڕندانەتریت شێوە کوژرا ... بەهرەوەر مەزانی

ژیان هەندێجار لەخەون دەچێت و لەچاو تروکانێکدا کۆتایی پێدێت و هەرچی یادگارو بیرەوەری خۆش و ناخۆش هەیە دەسڕێنەوە، لەو نیشتمانەی ئێمەدا هەندێ لەئازارو



مەینەتییەکان دەیان جار دووبارە دەبنەوە بێئەوەی کەسێك، یاسایەك هەبێت، ڕێگر بێت لەدووبارە نەبوونەوەیان، کوشتن یان کۆتایی هێنان بەژیانی مرۆڤ یەکێك لەقێزەونترین ئەو دیاردانەن کە لەنێو کۆمەڵگاکەی ئێمەدا باوەو ڕۆژ لەدوای ڕۆژیش لەبری بەرپێگرتنی زیاتر تەشەنە دەکات، ئەوەی مەبەستمە لێرەدا تیشکی بخەمە سەرو چەند پەیڤێکی بۆ بنووسم کوشتنی کچانە لەژێر پەردەی بیانووی جۆراو جۆر کە ڕۆژانە جەستەی چەندان لەکچان و ئافرەتانی بێتاوان خەڵتانی خوێن دەکرێن و لاشەکانیشیان لەنێو گەردەلولی بیابانەکان و کەندالی قەراخ شارەکان دوای بۆگەن بوونیان دەدۆزرێنەوە.

گوڵاڵە ئەو کچەی هێشتا تەمەنی لە شانزە بەهار تێپەڕی نەکردبوو چاوەکانی پڕبوون لەئومێدو خەونی جوان جوان، بەڵام قەدەری ژیان ڕێگەی نەدا ئەو خەونانەی بێنەدی کاتێك تەمەنی گەنجیەتی بوو بەخۆراکی حەزوو ئارەزووەکانی یەکێك لەگەنجە بێویژدان و دڕندەکانی نیشتمانەکەی خۆی، کە لەپەنای خۆشەویستی و دوور لەهەموو خۆشەویستی و ڕێزو بەهایەکی مرۆیی دوای ئەوەی دەست درێژی سێکسی کرایە سەر بەدڕندانەترین شێوە درایە بەر چەقۆو گیانی لەجەستەی جیا کرایەوەو تەرمەکەی بەپارچە پارچە کراوی خرایە ژێر کۆمەڵە گڵێکەوە، گوڵاڵە کەسێکی دڵ ناسك و ڕووخۆش بوو لەنێو هاوڕێ قوتابیەکانی بەگاڵتەو نوکتەچی ناسرابوو زۆربەی کاتەکان لەقوتابخانە هاوڕێکانی لێی کۆدەبوونەوەو داوایان لێدەکرد کە نوکتەو قسەی خۆشیان بۆبکات، ئەمە وایکردبوو لای هاوڕێکانی خۆشەویست بێت و هەمووان بەچاوی ڕێزەوە تەماشای بکەن، ماوەی ساڵێك بوو پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ کوڕێك هەبوو لەو ماوەیەشدا دووجار بڕیاریدا بوو وازی لێبێنێت بەڵام هەردوو جار (سیروان) بەپاڕانەوەو قسەی خۆش دڵی نەرم دەکردەوەو لەبڕیارەکەی پەشیمانی دەکردەوە، تا ڕۆژێکیان بەنهێنی بەمۆبایل وێنەی گرتبوو، نیوەڕۆیەك کاتێ گوڵاڵە لەقوتابخانە دەگەڕایەوە سیروان داوای لێکرد کە لەگەڵیدا سواری ئۆتۆمبێل بێت بەڵام ئەو ئەمەی ڕەتکردەوەو پێی گوت: ئەمە دوا جارە بێیتە سەر ڕێگام ئەگینا خۆت بەرپرسیار دەبێت و براکانیشم لەوە ئاگادار دەکەمەوە چونکە تۆ کەسێکی ڕاستگۆ نیت و دەتەوێت من بخەڵەتێنی منیش لەو کەسانە نیم و کەسایەتی خۆم پێ لەتۆو لەباوکی تۆش بەگەورەتر دەزانم.

ئەو قسانەی گوڵاڵە سیروانی تاساند، کەزانی ئەوەی ئەو بۆی دەگەڕێت ئەو نییە مۆبایلەکەی دەرهێناو پێی گووت: ئەمە قسەکان و وێنەی تۆیە گوێی لێبگرە من تەنها دەمەوێت قسەت لەگەڵدا بکەم تۆش چی بەباش دەزانیت بەڵێنت پێدەدەم من ئەوە دەکەم ئەگەر ڕازیت دێمە داوات، ئەگەر دەتەوێ وازت لێبێنم وازت لێدێنم، تەنها ئەوەندە دەمەوێ لەسەر ئەو مەسەلەیە قسەت لەگەڵدا بکەم، گوڵاڵە کە وێنەی خۆی لەسەر مۆبایلەکە بینی و گوێی لەقسەکانی خۆی بوو دەستی کرد بەگریان و بەسیروان ی گوت لەگەڵت سوار دەبم بەمەرجێك ئەو وێنەیە لەسەر مۆبایلەکەت بسڕیتەوەو جارێکی تریش نەیەیتە سەر ڕێگام، سیروان بەپێکەنینەوە گوتی: بەڵێنت پێدەدەم ئەمە وایین جار دەبێت، ئنجا گوڵاڵە لەگەڵی سواری ئۆتۆمبێلەکەی بوو، ئەویش کەوتە ڕێگاو دەرگاکانی داخست و یەکسەر بەرەو دەرەوەی شار

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کەوتە ڕێ، گوڵاڵە هاواری کردوو گوتی: بۆ کوێ دەچی دەی چیت هەیە بیڵێ، ئەویش سەیرێکی کردوو بەپێکەنینەوە گوتی: ئێستا دەزانی بۆ کوێ دەچم، گوڵاڵە ویستی دەرگای ئۆتۆمبێلەکە بکاتەوەو خۆی فڕێبدات بەڵام نەیتوانی لەبەر ئەوەی دەرگای ئۆتۆمبێلەکەی بەسەر دا داخرابوو، سیروان کە گەیشتە شوێنێکی چۆڵ ڕایگرت و داوای لێکرد سێکسی لەگەڵدا بکات بەڵام ئەو ئەمەی ڕەتکردەوەو داوای لێکرد شەرەفی بپارێزێت، سیروان کەزانی هەموو هەوڵەکانی بێسوودە چەقۆیەکی دەرهێناو پێی گوت: ئەگەر ڕازی نەبیت بەو چەقۆیە پارچە پارچەت دەکەم، بەڵام گوڵاڵە بەهەناسە سواریەوە تفێکی کردە چاوی و پێی گوت: بێشەرەف بشم کوژی نایەڵم دەستم بۆ بەریت تۆ پیاونی، سەگی، سیروان کە ئەمەی بیست دوو چەقۆی لێداو بەسەختی برینداری کرد دواتر دەستدرێژی کردە سەروو دوای دوو کاتژمێر چەند چەقۆیەکی لێداو کوشتی و تەرمەکەی کردە ژێر خۆڵەوە.

Bahrawar_s@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.